# ئەڵمانیا یاسایەکی ڕەگەزپەرستانە بۆ بێگانە و پەناهندەکان دادەنێت



**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

راسیزم لەم وڵاتە پان و بەرینەدا ، مێژوویەکی زۆربەپیت و بەرەکەتی هەیە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1932 ، پارتی رەگەزپەرست وفاشیزمی ئەڵمانی ( NSDAP) ، بەسەرۆکایەتی هیتلەر، 37% ی دەنگەکانی بەدەستهێناو، هەڵبژاردنەکەیان بردەوە. ئەمەش یەکەمجار بوو لە مێژوودا ، نەتەوەیەک دەنگ بە فاشیزم و رەگەزپەرستی بدات. بەهاتنەسەرکاری نازیەت لەئەڵمانیا، سیستەمێکی رەگەزپەرستی و فاشیزم ، هەمووبەشەکانی کۆمەڵگای گرتەوە.هەر لە سیستەمی خوێندنەوە تادەگاتە سیستەمی بەڕێوبردن، هەموو بەعەقڵیەتێکی رەگەزپەرستانە بەرێوەدەچوو. عەقڵیەتی رەگەزپەرستی هەتا تاریکترین کونجی ئەڵمانیای گرتەوەو، ئەم عەقڵیەتە ، بوو بە مۆڕاڵی باوی کۆمەڵگای ئەڵمانی. ئەم سیستەمەش هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان ، تاساڵی 1945 ، بەردەوام بوو. لێ پاش ئەوەی ئەڵمانیا لەجەنگە رەگەزپەرستیەکانیدا ، لەبەرامبەر جیهانی ئازادا دۆراندی . سیستەمی فاشیزمی ئەڵمانیش ، کۆتایی پێهات . لێ عەقڵیەتی رەگەزپەرستی هەروا بەئاسانی کۆتایی پێ نەهات. چونکە ئەم عەقڵیەتە بۆماوەی 13 ساڵ حوکمی دەکرد. بەشێکی زۆری فەرمانبەرو کارمەندەکانی حکومەت نەگۆڕان و هەروەکوخۆیان مانەوە. کیسینجەر دەڵێت : ( لە 90% ی دەزگای دەوڵەتی ئەڵمانیا، هەر وەکوو خۆی مایەوەو دەستکاری نەکرا 1 ). هەتاوەکوو ئەمرۆش ، لەبەشێکی زۆری دەزگاکانی دەوڵەتی ئەڵمانیا ، خەڵکانی رەگەزپەرست رۆڵیان تێداهەیە. ئەڵمانیا بەخراپترین و پیسترین سیاسەت، بەرامبەر بێگانە وپەناهیندە هەڵسووکەوت دەکات . ئەم هەڵسووکەوتە خراپەشی ، وایکردووە کەچەندین جار لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە ، ئیدانەبکرێت . تائێستاش سێ جار رێکخراوی UN رەسمیەن ئیدانەی ئەڵمانیای کردووە. لێ ئەڵمانیا لەسەر سیاسەتی خۆی بەردەوامە. ئەڵمانیا زۆرترین رێژەی خەڵکی بێ بەڵگە ( ئیقامە) ی هەیە. کە رێژەیان دەگاتە نزیەکەی 300 هەزار کەسێک . خەڵکی واهەیە بۆماوەی زیاتر 10 ساڵە لەم وڵاتەدا دەژی ، کەچی هێشتا ئیقامەی نییە. تەنها لە ئەڵمانیاش ئەم حاڵەتە هەیە ، بۆنموونە لەوڵاتانی تری ئەوروپی ، پاش 5 ساڵ ماڤی ئیقامە ومانەوەت هەیە . لەئەڵمانیا ، هەرکەسێک ئیقامەی نەبێت ، یان کارتی سێ مانگی پێ بێت، هیچ ماڤێکی مرۆڤی و حەیوانیشی نییە. بۆی نییە کاربکات ، بۆی نییە کۆرسی زمانی ئەڵمانی بخوێنێت،بۆی نییە ماڵی تایبەتی خۆی هەبێت، بۆی نییە بیمەی بێکاری وەربگرێت،بۆی نییە کۆرسی فێربوونی کارکردن بخوێنێت، بۆی نییە لەهیچ زانکۆ وپەیمانگایەک بخوێنێت، بۆی نییە ئیجازەی سایەقی دەربکات. لەهەمووشی خراپتر ئەوەیە ، کە بۆی نییە لە 30 کم زیاتر سەفەربکات یان بژی . ئەمە خۆی لەخۆیدا زیندانێکی گەورەیە ، کەبۆت نییە لە 30 کم زیاتر بژیت. ئەمەش لە **سیاسەتی کازێرنەکان ( زیندانەگەورەکانی نازیەکان)** دەچێت. وەنەبێت حاڵی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوانەی ئیقامەی ئینسانیشیان هەیە ( خەڵکی ناویان لێ ناوە **"حەیوانی"!**) باشتر بێت. ئەوانیش تائەم ساڵەی دوایی بۆیان نەبوو کۆرسی زمانی ئەڵمانی بخوێنن،لەزانکۆو پەیمانگاکاندا بخوێنن. هەروەها لەچەند هەرێمکدا ، هەتا ئەوکەسەخۆی کار نەکات، بۆی نییە ماڵی هەبێت. جگە لەوەی کە هەتا کاری سپی نەبێت ،بۆی نییە بچێتە هەرێمەکانی (ولایەتەکان) تر . بۆشی نییە کاری سەربەخۆ وەکوو( دوکان و چێشتخانە وشتی تایبەتی) هەبێت . واتە تەنها دەبێت کرێکاری بکات **( خزمەتکاریان بێت!)**. پاش ئەوهەموو نارەزایەی کە لەجیهاندا رووبەروی ئەڵمانیابوویەوە، ناچار لە 16و17 نۆڤێمبەردا، کۆبوونەیەکی گەورەیان بۆ کێشەی پەنابەران و خەڵکانی بێ ئیقامە بەست و، کۆمەڵێک بڕیاری سووک وچرووکیان دا2. پێش ئەم کۆبوونەوەیە ، رۆژنامەی بیلد تسایتوونگ ، کە بڵاوترین رۆژنامەی ئەڵمانیایە. هەڵمەتێکی بەربڵاوی لەدژی بێگانە دەستپێکرد. بەمانشێتی گەورە نووسیبووی **( ڕزگارمان کەن لەم سیاسەتە خراپەی پەناهیندە!)**. نووسیبووی: **( بۆ چارەسەرکردنی ئەردەنیەکی نەخۆش 530 هەزار ئۆیرۆ خەرج کراوە.خێزانێکی ئەلبانی ساڵانە 470 هەزار ئۆیرۆ وەردەگرێت**.3 ). ئەمەش تەنها بۆ ناشرینکردنی پەناهیندەکان بوو. پاش کۆبوونەوەکەش حکومەت و میدیاکانی ئەڵمانیا وایان پیشاندا،کە کێشەکەیان چارەسەرکردووەو،بەم زووانەش بەشێکی زۆری خەڵکی بێ ئیقامە ، ئیقامەیان دەدەنێ. بەڵام لەڕاستیدائەم یاسایە بچووکترین رێژەی خەڵکی بێ ئیقامەش ناگرێتەوە. بۆچی ؟! بەپێی ئەم یاسایە: نابێت هیچ کەسێک لە 8 ساڵ کەمتر بەبێ پچڕاندن لەئەڵمانیا ژیابێت. واتە گەر کەسێک چووبێتە وڵاتێکی ترو گیرابێت، پاشان گەڕابێتەوە، ماڤی ئیقامەی نییە. ئەمان باش دەزانن ، کەبەشێکی زۆری خەڵکی بێگانە ، ناتوانن 8 ساڵ لە 30 کم بمێننەوە، هەربۆیە هەوڵی وڵاتانی تریان داوە. لەوکاتەشدا شموولی ئەم کەسانە ناکات . تەنها رێژەیەکی کەمی خەڵک، دەتوانێت بۆماوەی 8ساڵ لە 30 کم بمێنێتەوە. بڕگەیەکی تری یاساکە دەڵێت : نابێت هیچ تاوانێکی کردبێت و نەگیرابێت. ئەمەش کارێکی زەحمەتە ، بۆنموونە گەر کەسێک لە کەمپی پەناهیندەکان لە 30 کم دوورکەوتبێتەوە، ئەواپۆلیس دەیگرێت. حکومەتی ئەڵمانیا مانگانە 30 ! ئۆیرۆی بە خەڵکی بێ ئیقامە دەدا. ئاخر کێ مانگی بە 30 ئۆیرۆ دەژی؟! . بەشێکی زۆری بێگانەکان ،لەبەر ئەوەی ماڤی کارکردنیان نەبووە،بەڕەش(قاچاخ) کاریان کردووە. زۆرجاریش لەسەرکاری رەش گیراون. لەبەرئەوە تەنها بەشێکی ئێجگار کەمی خەڵکی بێ ئیقامە نەگیراوە. بەشێکی زۆریان تووشی کێشەی گیران بوون. بڕگەیەکی تر یاساکە ، کەمایەی گاڵتەجاریە ، دەڵێت : **دەبێت ئەوکەسە زمانی ئەڵمانی بزانێت !** . کەچی خۆیان دەزانن کە ئەوکەسانە بۆیان نەبووە ، کۆرسی زمانی ئەڵمانی فێربن. ئەمانە زۆر سەیرن ، دەیانەوێت ئێمە **لەخۆرا!** زمانەکەیان فێربین . ئەگەر یەکێک کۆرسی زمان نەخوێنێت ، چۆن زمانی ئەو وڵاتە فێردەبێت؟!.جگە لەوەش خەڵکی ئەڵمانی، تاقەتی خەڵکی بێگانەو پەناهیندەیان نییە. جارێ بۆئەوان تاقەتی ئەوەیان هەیە سڵاومان لێبکەن ، تائێمە تەکلیفی ئەوەیان لێبکەین زمانمان فێربکەن !. بڕگەیەکی تری بڕیارەکە ، کەزۆر فاشیستانەیە، دەڵێت : **هەر خێزانێک منداڵەکانیان لە قووتابخانە نمرەی خراپی هەبێت، ئەوا ئیقامەی نادەینێ!!**. ئایا لەکام وڵات دیووتانە ، کە دایکو باوک، لەسەر تەمەڵی منداڵەکانیان سزابدرێن؟! ئەمە تەنها لەوڵاتێکی وەکوو عێراقی بەعسیدا شتی واهەبووە، کە دایک وباوک ، لەسەر منداڵەکانیان سزادەدران. باشە ئەگەر منداڵێک تەمەڵ بێت ، یان تاقەتی خوێندنی نەبێت، ئەمە چ گووناحێکی دایک وباوکی تێدایە؟ رژێمی بەعس دایک و باوکی پێشمەرگەی دەگرت و، لەجیاتی کوڕەکانیان سزای ئەوانی دەدا. ئەڵمانیاش بەهەمان شێوە سزای دایک وباوکی منداڵانی بێگانە دەدات. پاشان چۆن منداڵانی بێگانە نمرەی باش بهێنن . خۆئەوانیش وەکوو دایک وباوکیان ، ماڤی فێربوونی زمانیان نەبووە، ئیتر چۆن لە وانەکان تێبگەن و، نمرەی باشیش بهێنن؟!. پاشان ئەوان دەزانن کە ئەو منداڵانە لە خراپترین

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شوێندا دەژین ، کەلەرووی تەندروستیوکۆمەڵایەتیەوە،حاڵی کەمپەکانی ئەڵمانیا زۆرخراپە. تائێستاش چەندینجار لەلایەن ڕێکخراوەکانی ماقی مرۆڤەوە ، ئیدانەی کەمپەکانی ئەڵمانیا کراوە. بگرە خراپترین کەمپیان لەئەورووپادا هەیە. لەلایەکی ترەوە ، ئەم یاسایە کاتییە.واتە تەنها شموولی ئەوکەسانە دەکات ، کەتا 17 نۆڤێمبەر لە ئەڵمانیا بوون. واتە یاساکە نەبۆتە دائیمی، کەپاشتر هەرکەسێک ئەو مەرجانەی تێدابوو شموولی بکات . بۆنموونە ئەوەی کەپاش مانگێکی تر یان ساڵێکی تر8 ساڵەکە تەوابکات ، ماقی ئیقامەی نییە. بەڵکە تەنها بۆ ئەوکەسانەیە ، کەحاڵی حازر شموولیان دەکات . بەراستی ئەم شتانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە، تەنها بۆئەوەیە ، کە کەمترین ڕێژەی بێگانە ، ئیقامە وەربگرێت. گاڵتەجاریەکە لەوەدایە ، کەبەشێکی ڕۆژنامەکانی کوردستانیش، هەواڵەکەیان وابڵاوکردەوە، کەخەڵکێکی زۆر ئیقامە وەردەگرێت. بەڵام ڕاستیەکەی بەم شێوەیە کەدەبیینین. ئەمڕۆ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ، بزووتنەوەی ڕاسیزم و دژە بێگانە، ڕوو لەزیادبوونە. بەپێی ئامارێکی وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا، ئەم ساڵ زیاتر لە 3000 حاڵەتی پەلاماری بێگانە دراوە. ئەمرۆ بێگانە ، لەسەر کار، لە دەزگای حکومی ، لە نەخۆشخانە، لەیانەی سپۆرت،لە بازار، لە کەمپ ،ئیهانە دەکرێت. گاڵتەجاریەکە لەوەدایە ، کە ئەم ساڵ زیاتر لە 200 هەزار ئەڵمانی ، وڵاتیان بەجێهێشتووەو، بەرەو وڵاتانی تر کۆچیان کردووە! ساڵانەش زیاتر لە 30 ملیۆن ئەڵمانی ، بۆوڵاتانی تر سەفەر دەکەن . کەچی بەم شێوە خراپەش هەڵسووکەوت لەگەڵ خەڵکی بێگانەی دەکەن .

## سەرچاوەکان


1. ئاوات دەوڵەت. گفتووگۆ لەبارەی عێراقەوە.کیسینجەر. کوردستانی نوێ . ژمارە 4122 . 2006.11.29 .

2. www.Asylinfo.de

Bild.266/46.Dienstag.14 .November.2006.3


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com